# ڕێگای کوردستان

چوارشەممە (١٥)ی ئەیلول (سێپتەمبەر)ی ٢٠٠٤ ژمارە (٦١٠) ساڵی (٥٩)

## نێچیری هەفتە

عەلی مەحمود Alimahmud٢٠٠١@yahoo.com

–هاوزەمان نوێنەری یەکێتی ئەوروپا و سەرانی کورد سەردانی تورکیایان کرد , ئەو سەردانی لەیلا زانا و دیاربەکەر و گوندی ئەنفالکراوی توزلای کرد , ئەمانیش ئەردۆغان و دەزگا سەرکوتکەرەکان , ئەو ووتی تورکیا زۆری ماوە ببێتە دیموکراسی و بێتە ناو یەکێتی ئەوروپاوە , ئەمانیش ووتیان پەکەکە تیرۆریستە . بەلایانەوە گرنگ نییە هەموو کوردستان بسوتێنرێت و خەڵکەکەی دەست و قاچییان لێکرێتەوە تەنها لەبەر دەرکی ماڵەکەیانەوە بە فڕۆکە پیاسەی جیهان بکەن !!.

–جەنگی خوێناوی لە نێوان سانا و کوڕەك و ئاسیا و هەموو تێلەکانی کە گەرمە لە کوردستان ,لەوانەیە خەڵك ئەم جەنگە دۆلاراوییەیان بە لاوە سەیر بێت , نازانن جاری وا هەیە جەنگی دۆلار پارسەنگی هێزە سیاسییەکان دیاری دەکات نەك جەنگی فیشەك , ئەمڕۆ پاوان کردنی بازاڕ گرنگترە لە گرتنی کەپکی حەمەداغا, مەگەر نەتان بیستووە لینین وتوییەتی هەموو جەنگێك لە پێناو بازاڕدایە . هێشتا چیتان دیوە با بازاڕی سەهم و دراو لە کوردستان بکرێتەوە ,ئەوجا دەبینن چۆن شەڕی پەڕۆ دەچێتە ناو بۆرسەکانەوە, مل شکاندن و ئیفلاس پێکردن لەوێدا ڕو دەدات نەك لە دێگەڵە و قەسرێ.

–پێش هەڵبژاردنی قوتابیان و خوێندکاران شەڕەکە بە مزایەدەی ڕیفراندۆم دەستی پێکرد , ئێستا ئیتر هیچکە مەیدانی حەیوانان و دەیان جەولەی نەزۆکی خولەکانی دانیشتنی لیژنەی ئاشتی فریای درێژ کردنەوەی تەمەنی پەرلەمانە نوحییەکەمان ناکەوێت , سەدام ڕوخاوەو هەڵبژاردن غەسپەن عەلە شوارب دەبێت ئەنجام بدرێتەوە . ئەوانەی بۆ هەڵبژاردنی قوتابییان بە ڕیفراندۆم بوونە ڕۆستەمی بانگەشەکە , ئێستا بە دروشمی سەربەخۆیی کوردستانەوە دەبنە هەرقڵی هەڵبژاردنی پەرلەمان , دوایی هەڵبژاردنیش سەربەخۆیی دەبێتە ئاڵای بەعس و بێدەنگی لێدەکەن. قوڕ بە سەرمان هەڵبژاردنی ڕابەر ئەنجام بدرێت داوای سەربەخۆیی و هێنانە خوارەوەی کوردستانی مەریخیش دەکەن !!. ئاخ مێژوو لە کوردستان هەموو ڕۆژ دوبارە دەبێتەوە کەچی هەر تراژیدیایت , نازانم کەی دەبێتە کۆمیدییەکی گتاڵتەجار!!!!.

–ئەگەری گۆڕینی سەرۆکی شارۆچکەی کە هەیە , لەبەر ئەوەی پلەی حیزبییەکەی شەنسی چووە بە حەل حەلەی ئاسمانا و بەرزە بێتەوە , ئەمەیان هەقی پیرۆزبایی هەیە چونکە نان لە پلەی حیزبیدایە . دەزانیین ئەمڕۆ پارت بۆ نانە نەك بۆ تێکۆشان , جاران بەرزە بویتەوە شەهید بوونت مسۆگەرە کرد , بەڵام ئێستا چەند بەرز بیتەوە باشترە فڕیت ئەگەر دەردە موقتەداو زەرقاوی نەتگرێت.ئەوەی دەمەوێت بیڵێم پرسیارێکە ئەویش ئەمەیە _ باشە ئەگەر لادان و گۆڕینی سەرۆکی شارەوانییەکان وا سوك و سانایە ئیتر ئەو خەڵکەتان بۆ بە هەڵبژاردنی شارەوانییەوە خەریك کرد؟؟ , مەگەر نازانن ئەوانەی هەڵە بژێردرێن تەنها دەنگدەران دەتوانن بیان گۆڕن نەك پارت؟؟, ئەمە یاسای ستانداردی دیموکراسییە . ئەمەی ئێوە دەیکەن نازانم کۆمەڵگەی مەدەنییە یان کۆمەڵگەی خێڵ و سەرۆك و حیزب؟؟.